# ترسی ئاسایشی قەلعەدزە، لەخۆپیشاندانی جەماوەری ئازادیخواز!

مستەفا داود، کادری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، تەنها لە بەرئەوەی بەیاننامەی کۆمیتەی پشدەرو بتوێنی حزبی سەبارەت بە خۆپیشاندان و مانگرتنەکەی شاری ڕانیە بلاوکردۆتەوە لەلایەن ئاسایشی قەلعەدزەوە لە ڕۆژی 2005/6/23دا دەستگیر دەکرێت و لەلایەن بەڕیوەبەری ئاسایشی قەلعەدزەوە، بەهۆی مستەفا داودەوە هەڕەشە لە خەڵکی شاری قەلعەدزە دەکات و پێی دەڵێت "ئەگەر ئەوەی لە ڕانیە ڕویداوە لە قەلعەدزە ڕوبدات وەکو 1993/6/13ی شاری سلێمانی لێدەکەین" بەکورتی یەعنی گوللە بارانتان دەکەین. پاش لیکۆلینەوە تەلەفۆنی مۆبایلەکەی لی دەستێنن و لە لای خۆیان دەستی بەسەردا دەگرن و ئینجا مستەفا داود ئازاد دەکەن.

ئەم کردەوەی ئاسایشی قەلعەدزە، کردەوەیەکی کۆنەپەرستانەو سەرکوتکەرانەیەو پێشێلکردنی ڕاستەوخۆی ئازادیی سیاسی‌یە، دەبێت لە لایەن خەڵکی ئازادیخوازی ناوچەی پشدەرو بتوێنەوە ڕیگای لێبگیرێت. زیندانی کردنی مستەفا داود، تەنها سەرکوتێکی شەخسی ئەو نەبوە، بەڵکو لە ڕیگای گرتنی ئەوەوە هەڕەشەی ئاراستەی هەموو جەماوەری کوردستان و شاری قەلعەدزە کردوە.

ئەم کردەوەی ئاسایشی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پێش ئەوەی هیزو توانا نیشان بدات، زەلیل بون و داماوی نیشان دەدات، زیندانی کردن و تەنانەت ڕەشەکوژی ئینسانێك کاریکی سەخت و دژاوار نیەو بەزۆر کەس دەکرێت. بەلام وەلامدانەوە بەخواستەکانی جەماوەرو چاککردنی ریگاو بان و دابینکردنی خزمەتگوزارە گشتیەکان و وەلامدانەوە بە کەمی موچەو دابینکردنی خواستەکانی لاوانی ناوچەکانی قەلعەدزەو ڕانیەو چوارچوڕنەو... لە فەراهەمکردنی صالۆنەکانی کۆمپیوتەرو مۆسیقاو کتێبخانەو وەرزش و... کە خەڵکی ڕانیە لە پێناویدا مانگرتنی گشتی و خۆپیشاندانیان بەڕیخست، لە توانای هێزیکدانیە کە پیشەکەی بۆتە سەرکوتی خەڵکی ئازادیخوازو قەدەغەکردنی مانگرتن و خۆپیشاندان، کە بەرپرسەکانی کوردستانیان بۆخۆیان مۆنۆپۆل کردوەو تەواوی سەروەت و سامانەکەیان هەڵلوشیوەو هەرکەسێکیش فزەی لیوە بیت ئەوا زیندانی دەکەن. بروا بکەن هیچ هێزێك ت سەر کاری سەرکوتکەرانەی بۆ ناچێتەسەر.

بەلأم ئەی "ئازادی بێسنوو" چی لێهات؟ ئەی ئەم هەموو پڕو پاگەندەیەو مانشێتە گەورەیەی سەر پەڕەکانی ڕۆژنامەکان سەبارەت بە ئازادی، مانای چی‌یە؟ بەهەرحال مانای زیندانیکردن و هەڕەشە. بەلأم خەڵك کە ئیرادەی گرت، وەکو خەڵکی شاری ڕانیە، ئیتر هەڕەشە بێسودەو بەڕیوەبەر ئاسایشی قەلعەدزە لەوە تۆقیوە.

خەڵکی کوردستان رق و ناڕەزایەتی لە بەرنبەر گەندەڵی ئیداری و کەڵەکەبونی سەروەت لە دەست کۆمەلێك بەرپرسدا، رۆژ بە رۆژ ئەستور تر دەبێت، 6/21ی ڕانیە تەنها نمونەیەکی بچوکی نیشانی دانی ئەم ڕقەیە، زیندانی کردن و تەقەکردن و .... ئەم هێزە جەماوەرییەو ئەم ڕقە دانامرکێنێتەوە، تەنها ڕیگا وەلامدانەوەیە بە خواستەکانی خەڵك و دابینکردنی خواستەکانیان لە ئازادییە سیاسیەکان، ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن، ئازادی ڕەخنەو ڕەئی، دابینکردنی خزمەتگوزاری ڕیگاو بانی قیرتاو کراو، ئاو و ئاوەڕۆی گونجاو، کارەباو هیلەکانی تەلەفۆن. بەرزکردنەوەی ئاستی موچەی مامۆستایان و فەرمانبەران و کرێکاران.... ئەگەر نا، ئەوا ئەمجارە لە ڕانیەوە بە کلیلی ڕانیە، قفلەکە کرایەوە.

ئەم کردەوەی ئاسایشی یەکێتی مەحکومەو پێویستە لەلایەن هەموو ئینسانێکی ئازادیخوازەوە مەحکوم بکرێت و خەڵکی شاڕی قەلعەدزەو ناوچەکانی تری پشدەرو بتوێن پێویستە بێدەنگ نەبن بەرانبەر بەم سەرکوتەی ئاسایشی قەلعەدزە.

## سەرکەوتوبێت خەبات و ناڕەزایەتی جەماوەری دژ بەگەندڵی ئیداری و لە پێناو ئازادی و خۆشگوزەرانیدا

## ڕیکخراوی کوردستان

## حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

2005/6/23